رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:06 28-7-2007

## بڕینی یارمەتی سایتەکان وشتی تریش ... ئیبراهیم بالیسانی



بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەهەندی هۆکانی راگەیاندن بلاوکراونەتەوە، گوایە هەردوو حیزبی دەسەلاتدار یارمەتی و کۆمەکی ئەو سایتانە دەبڕن کەپێشتر بۆ دژایەتی یەکتر بەخشیویانە!ئەگەر ئەم بۆچونەی کەنالەکانی راگەیاندن سەبارەت بەم بڕیارە راست ودروستبی، گومان دەکری کەزۆربەی هەرە زۆری سایتە ئەلکترۆنیە کوردیەکان بە هۆی ئەو یارمەتیانەوە پارتێکی سیاسی لە پشتوەبووە. دیارە ئەو سایتانەبۆمەبەستی حیزب لەرابردوودا کاریان کردووە نەك بۆمەبەستی گشتی! رەنگە ئەو هەواڵە راستبی، چونکە تائێستا هیچ لە سایتەکان وەلامیان نەبووە سەبارەت بەم هەوالانە. رەنگە واشنەبی، بەلام لاریش لەوەدانیە کە هەندی لەسایتەکان بەئاشکرا دیارو ناسراون کە بۆمەبەستی حیزب کاردەکەن. هەموو ئەو بابەت ونووسینانەی کە بلاویدەکەنەوە دژایەتی و لایەنگری پێوە دیارە! تەنانەت سایت هەیە جگە لە سەرنووسەرەکەی ستاف و شوێنی کارەکەشیان ئاشکرایە!وە شێوازو ئامانجی سایتەکەشیان روونە! ئەو بڕیارە بریارێکی حەکیمانەو بوێرانەیە، هەردوو حیزب دیارە بەجدی دەیانەوی سەرجەم کونوکەلەبەرەکانی نێوانیان بگرن. بەتایبەت ئەو کونوکەلەبەرانەی کەلەلایەن هەندی کەسی گێرە شێوەن پێشتر دروست بوون. هەر ئەوکەسانەش بوون کەبوونە مایەی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لەنێوان هەردوولادا. بەلام لێرەدا پرسیارێك دروست دەبی، ئایا هەردوولا دوای بڕینی ئەو یارمەتیانە هەڵوێستیان بەرامبەر هەڵسورێنەرانی سایتەکان چیدەبی؟ ئایا ئەو کەسانە جارێکی تر کاریان پێدەسپێردری یا دوور دەخرێنەوە؟ بەهەمان شێوە پرسیارێکی تر هەیە، چەند سایتێکی ترهەن نهێنین وکاریان تەنیا قسە و نووسینە لە سەر کەسە دیارەکان وتێکۆشەرانی میللەتەکەمان! رەنگە لەو کاتەدا پارتێك (کە گومان دەکری) لەپشتی سایتەکەوەبی حاشا بکات و بێئاگایی خۆی لەو سایتە دەرببری! ئەو کێشەیە چۆن چارەسەردەکری؟ ئایا ئەوە مانایی ئەوە ناگەیەنی کە هێشتا پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو پارت، چەند هەنگاوێکی تر ماوە بۆ زیاتر لە یەکتر نزیکبوونەوەو سیقە بەیەکترکردن؟ چونکە دڵنیام هەندی لەو سایتانە هەر دەمێنن و بێئاگاییان لە بوونی نیشان دەدەن و بە نەناسراوی دەناسرێنن لەلایەن خودی خۆیان (پارتە) گومان لێکراوەکە.

گرفتێکی تر هەیە، ئەویش بوونی چەند رۆژنامەوگۆڤارێکە کە بەهەمان شێوەی سایتەکان یارمەتی و کۆمەکی پارتەکانیان لە پشتە بۆ دژایەتی کردن و قسە کردن لە سەر پارت و کەسەکانی نێو پارتی بەرامبەر (دژ) ! یا زۆر جار ئەو پارتەی کەکۆمەکی رۆژنامەیەك دەکات زانیاری و کەموکوریەکانی پارتی بەرامبەر لەو رۆژنامەیەدا بلاودەکاتەوە کە هەر خۆشی سەرچاوەی ئەو زانیاری و دەنگۆیانەدەبی! وە لەبەرامبەردا پارتی شەڕ پێفرۆشراو بۆ وەلام دانەوەی ئەو هەواڵە نادروستانە پەنا دەباتە بەر ئەو رۆژنامەیەیی کە خۆی پشتیوانی دەکات و یارمەتیدەریەتی!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.